**شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری**

**لە توێژینەوەی زانستی بە شێوەیەکی گشتی بە دوو شێواز زانیارییەکان کودەکرێنەوە :**

1. **شێوازی کتێبخانەیی**
2. **شێوازی مەیدانی**

**شێوازی کتێبخانەیی : لە هەموو توێژینەوە زانستییەکان تەنانەت لەو توێژینەوانەش کە ناوەڕکێکی کتێبخانەییان نیە بەکار دێت وەکو توێژینەوەی مێژوویی ، وەسفی ، ئەزموونی و ... هتد . توێژەر دەبێت پێشینەی ئەو بابەتەی کە دەیەوێت لە سەری توێژینەوە بکات ، بخوێنێتەوە . کە واتا دەبێت شێوازی کتێبخانەیی بە کار بێنێت.**

**لە کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە شێوازی کتێبخانەیی لە بەر ئەوەی زۆربەی چالاکییەکانی توێژەر لە کتێبخانە ئەنجام دەدرێت ، پێویستە توێژەر شارەزای ئەم خالآنەی خوارەوە بێت :**

**١- شێوازی گەڕان بە شوێن سەرچاوەکان : بۆ ئەم مەبەستە پەرتووکخانەکان زانیاری لە سەر کتێب یان سەرچاوەکانی دیکە بە سێ شێواز ڕێك دەخەن : یەکەم : بە پێی ناونیشانی سەرچاوە، دووەم : بە پێی بابەت ، سێیەم : بە پێی ناوی نووسەر .**

**بەم مانایە کاتێك توێژەر سەردانی کتێبخانە دەکات ، دەبێت لە ڕێگەی کۆمپیوتەری ناو پەرتووکخانەکان بە شوێن ئەو سەرچاوانەی کە پێویستیەتی بگەڕێت . هەموو زانیارییەکان سەبارەت بە سەرچاوەکانی ناو پەرتووکخانە بە یەکێك یان دوو و یان هەر سێ شێوازی سەرەوە کە ئاماژەی پێ کرا لەم کومپیوتەرانە خەزن کراون .**

ئەگەر توێژەر بە شێوازی یەکەم بە شوێن سەرچاوەکان بگەڕێت ناوی ئەو سەرچاوە یان کتێبەی کە پێویستیەتی لە شریتی گەڕان دەنووسێت پاشان ئەگەر سەرچاوەکە لەو کتێبخانەیە هەبێت، دەتوانێت زانیارییەکانی لە سەر لاپەڕەیەکی تایبەتی کە لە لایەن بەرپرسانی کتێبخانە بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراوە و (( پێی دەڵێن : کارتی زانیاری سەرچاوەکان )) بنووسێت و دواتر ئەم کارتە تەسلیم بە بەرپرسی کتێبخانە یان هەر کەسێکی دیکە کە بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراوە بکات و ئەوانیش سەرچاوەکەی بۆ دێنن.

**تێبینی :** هەر کتێب یان سەرچاوەیەکی دیکە کە لە پەرتووکخانە خەزن دەکرێت لە لایەن بەرپرسانی کتێبخانە ژمارەیەکی تایبەتی بۆ دادەنرێت پاشان توێژەر یان هەر کەسێکی دیکە دوای ئەوەی لە رێگەی کومپیوتەر ئەو سەرچاوانەی کە پێویستیەتی پەیدای کرد ، دەبێت ئەو ژمارە تایبەتییە کە بۆ سەرچاوەکان دیاری کراوە لە سەر ئەو لاپەڕەیە کە بۆ ئەم مەبەستە دیاری کراوە بنووسێت و رادەستی بەرپرسانی کتێبخانەی بکات ، ئەوانیش بە پێی ئەو ژمارەیە بە ئاسانی و بە خێرایی سەرچاوەکەی بۆ دێنن .

نموونە بۆ شێوازی یەکەم یان گەڕان بە شوێن سەرچاوە لە رێگەی ناونیشانی سەرچاوە :

نموونەی یەکەم : ئیمپراتوریای لم

نموونەی دووەم : ئاییندەی عێراق : دیکتاتۆری ، دیمۆکراسی یان دابەشبوون ؟

ئەمانەی سەرەوە ناوی دوو کتێبە لە سەر عێراق کە بۆ پەیدا کردنیان لە کتێبخانە تەنها ناوەکانیان لە ناو " شریتی گەڕان " دەنووسین و پێویست بە هیچ زانیارییەکی دیکە ناکات کە بینووسین مادام لە رێگەی ناونیشانی سەرچاوە بە شوێن سەرچاوەکان بگەڕێین .

ئەگەر توێژەر بە پێی بابەت یان چەمك بە شوێن سەرچاوەکان بگەڕێت ئەو کات لە بەشی " شریتی گەڕان " ی کۆمپیوتەر تەنها بابەتی توێژینەوەکەی دەنووسێت . بۆ نموونە ئەگەر ناونیشانی بابەتەکەی ئەمە بێت : " تاوتوێکردنی پەیوەندی نێوان پرسی تیرۆر و هەژاری لە عێراق لە سالانی ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠١٥ " ئەوکات لە بەر ئەوەی بابەتەکەی لە سەر تیرۆر لە عێراقە ، لە " شریتی گەران " تەنها بابەت یان چەمکی " تیرۆرلە عێراق " دەنووسێت ، هەڵبەتە جارێکی دیکەش دەتوانێت لە سەر بابەت یان چەمکی " تیرۆر و هەژاری " سێرچ بکات .

ئەگەر توێژەر بە پێی شێوازی سێیەم واتا ناوی نووسەر بە شوێن سەرچاوە بگەڕێت ئەو کات لە بەشی " شریتی گەڕان " تەنها ناوی نووسەر دەنووسێت .

بو نموونە ئەگەر بە شوێن کتێبی " ئیمپراتوریای لم " بگەڕێین کە نووسینی د. " رەفیق سابیر " ە ، تەنها ناوی رەفیق سابیر دەنووسین ، ئەگەر کتێبەکە لە کتێبخانەکە هەبێت یەکسەر پیشانمان دەدات .

نموونەی دووەم : ئەگەر پێویستمان بەم کتێبە هەبوو " ئایندەی عێراق : دیکتاتۆری ، دیمۆکراسی یان دابەشبوون ؟ " کە " لیام ئەندەرسەن " و " گاریس ستانسفیلد " نووسیویانە تەنها ئاماژە بە ناوەکانیان دەکەین و پێویست بە نووسینی هیچ زانیاریەکی دیکە ناکات .

٢- هەر کتێبخانەیەك رێنمایی تایبەت بە خۆی هەیە . لە بەر ئەمە ئەو کەسانەی کە سەردانی پەرتووکخانە دەکەن دەبێت لە گەڵ ئەم رێنماییانە ئاشنا بن . ئەم رێنماییانە یان لە سەر بۆردی زانیارییەکانی پەرتووکخانە دانراون یان لە لای بەرپرسی پەرتووکخانە دەست دەکەوێت . باشتر وایە ئەوانەی کە سەردانی پەرتووکخانە دەکەن بە پێی رێنماییەکان ببنە ئەندامی پەرتووکخانە ، چونکە بەرپرسانی زۆربەی کتێبخانەکان زۆرتر خزمەتگوزاری و هاوکاری بەو کەسانە دەگەیێنن کە لای ئەوان ئەندامن . هەندێك لەو

ڕێنماییانە کە لە لایەن بەرپرسانی کتێبخانە دەردەچن و ئەوانەی سەردانیان دەکەن دەبێت پابەندیان بن بریتین لە : پاراستنی هێمنی ، نەگواستنەوەی سەرچاوەکان لە سەر مێزی خوێندن بۆ ناو رەفەی کتێبەکان ، نەبردنی کەرەستەی تایبەتی بۆ ناو کتێبخانەکان وەکو جانتا ، خواردەمەنی و ... هتد .

٣- بەرپرسی کتێبخانەکان ئەرکی ڕێنمایی کردنی ئەو کەسانەیان لە ئەستۆ ایە کە سەردانی ئەوان دەکەن ، کەواتا قوتابیان ، توێژەران و ... هتد هەر پرسیارێکیان هەبێت دەتوانن ئاراستەی ئەو یان هەر کەسێکی دیکەی بکەن کە بۆ ئەو مەبەستە دانراوە .

٤- بە شێوەیەکی گشتی لە پەرتووکخانەکان دوو جۆر سەرچاوە هەیە :

جۆری یەکەم : ئەو سەرچاوانەی کە بە ئەمانەت دەدرێن و دەکرێت ببرێنە ماڵەوە . ژمارەی ئەو سەرچاوانەو ئەو ماوەیە کە دەکرێت بە ئەمانەت بدرێن لە کتێبخانەیەك بۆ کتێبخانەیەکی دیکە جیاوازە کە واتا هەر کتێبخانەیەك لەم بارەیە ڕێنمایی تایبەت بە خۆی هەیە . نموونە بۆ جۆری یەکەم وەکو کتێب.

جۆری دووەم : ئەو سەرچاوانەی کە بە ئەمانەت نادرێن و قوتابیان و توێژەران و ... هتد تەنها دەتوانن لە ناو کتێبخانە کەڵك و سوودیان لێ وەرگرن . وەکو نەخشە ، نامەی ماستەر ، تێزی دکتۆرا ، گۆڤار ، کتێبە دەست نووسەکان ، نەخشە و ... هتد .

٥- بە پێی ئەوەی ئەو کەسانەی سەردانی پەرتووکخانەکان دەکەن تا چەند دەتوانن دەستیان بە سەرچاوەکان بگات ، پەرتووکخانەکان دەبنە سێ جۆر:

یەکەم : پەرتووکخانەی کراوە : کە توێژەر ، قوتابی یان ... دەتوانن بە ئازادی و بە بێ هیچ گرفتێك لە نێو ڕەفەکانی کتێبخانە هاتووچۆ بکەن و بە شوێن سەرچاوەکان بگەڕێن و ئەو سەرچاوەی کە پێویستیانە هەڵی بژێرن .

دووەم : پەرتووکخانەی داخراو : کە توێژەر ، قوتابی یان ... ناتوانن بە ئازادی لە نێو ڕەفەکانی کتێبخانە هاتووچۆ بکەن بەڵکو زانیاریەکانی ئەو سەرچاوانەی کە پێویستیانە ڕادەستی بەرپرسانی کتێبخانە دەکەن و ئەوان سەرچاوەکەی بۆ دێنن .

سێیەم : پەرتووکخانەی نیمچە کراوە : کە هەندێك لە سەرچاوەکان لە بەردەستی ئەو کەسانەیە کە سەردانی کتێبخانە دەکەن وەکو گۆڤار و ڕۆژنامە و ... هتد . بۆ سەرچاوەکانی دیکەش دەبێت پرس بە بەرپرسانی کتێبخانە بکەن .

***جۆرەکانی سەرچاوە لە شێوازی کتێبخانەیی :***

١- کتێب : گەنجینەی نووسراوی زانیارییەکانی مرۆڤە ، کەواتا کتێبخانەکان گەنجینەی پڕبەهای زانیاری مرۆڤن کە دەتوانن زانست و ئەزمونی مرۆڤەکان کە بە درێژایی مێژوو نووسراون لە رابردوو بۆ ئێستا و داهاتوو بگوازنەوە و بیخەنە بەردەستی خوازیارانی زانست . لە بەر ئەوەی تا ماوەیەکی زۆر کتێب تاکە سەرچاوە بوو بۆ خەزن کردنی زانیارییەکان ، پاش ماوەیەك کێشەی خەزن کردنی ئەم زانیاریانە هاتە پێش بەڵام بە پێشکەوتنی مرۆڤ لە بواری تەکنۆلۆجیا ئەم کێشەیە چارەسەر کرا ، بە مانایە کە شێوازەکانی دیکە بۆ خەزن کردنی زانیارییەکان دروست بوو. وەکو دروست کردنی سی دی ، دی ڤی دی ، فلاش مێمۆری ، هارد و ... هتد کە تایبەتمەندی هاوبەشی ئەم ئامێرانە لەوە دایە کە سەرەڕای بچوکی قەبارەیان بەڵام زانیارییەکی یەکجار زۆر لە

خۆدەگرن . بۆ نموونە لە ئێستادا هەموو کەسێك دەتوانێت لە ڕێگەی مێمۆری مۆبایلەکەی چەندین فەرهەنگی جۆراوجۆر خەزن بکات کە ڕەنگە ژمارەی لاپەڕەکانیان لە هەزاران لاپەڕە تێپەڕ بکات بەڵام زۆر بە خێرایی و بە ئاسانی لە مێمۆریەکی بچوك خەزنیان دەکات .

٢- گۆڤار و وتار : لە ڕێگەی ئەمانەوە دەستکەوتە نوێیە زانستییەکان دەخرێنە روو و بە خێرایی لە سەرانسەری وڵات یان جیهان بڵاودەکرێنەوە . هەر گۆڤارێك بۆ وەرگرتنی وتار، ڕێنمایی تایبەت بە خۆی هەیە کە توێژەران دەبێت پابەندی ئەو ڕێنماییانە بن بە پێچەوانەوە وتارەکانیان وەرناگیرێت. بۆ نموونە هەر گۆڤارێك لە چۆنیەتی نووسینی سەرچاوەکان ستایلێك هەڵدەبژێرێت کە لەوانەیە یەکێك لەمانە بێت : شێوازی هارڤارد ، شیکاگۆ ، ئەنجومەنی دەروونناسی ئەمریکا ( APA)، ڤەنکۆڤێر و ... هتد .

٣- بەڵگە سەرەکیەکان : کتێبە دەستنووسەکان ، بەڵگەنامە یان ئەو دەستنووسانەن کە بە سەرچاوەی دایك ناسراون . لە بەر ئەمەیە توێژەران هەوڵ دەدەن ئەگەر بە یەك دێڕیش بێت ئاماژە بەم سەرچاوانە بدەن .

٤- بەڵگەنامە حکومیەکان : بریتین لە راپۆرت ، شیکردنەوە ، خشتە و نەخشە و ... هتد کە لە ئەرشیفی حکومەت پارێزگاریان لێدەکرێت . ئەم بەڵگە نامانە هەم لە ئاستی نەتەوەیی وەکو وەزارەتخانەکان و هەم لە ئاستی لۆکالی و پارێزگاکان وەکو بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان تا ماوەیەکی دیاریکراو پارێزگارییان لێدەکرێت .

بەڵگەنامە حکومییەکان پاش تێپەڕبوونی ئەو ماوەیە بە پێی ڕێنماییەکانی هەر وڵاتێك یان لە ناو دەبرێن یان دەدرێن بە ڕێکخراو یان سەنتەری بەڵگە نامەی نەتەوەیی و پاشان توێژەران دەتوانن بە

گرتنە بەری ڕێکارە یاساییەکان لەم سەرچاوانە بۆ توێژینەوەکانیان سود وەربگرن . زۆر جار توێژەران لە ڕێگەی پشتگیری زانکۆ یان ئەو سەنتەرەی کە کاری تێدا دەکەن ، دەتوانن بە ئاسانی دەستیان بە هەندێك لە بەڵگەنامانە حکومییانە بگات بەڵام ئەرشیڤە حکومییەکان هەندێك بەڵگەنامەی نهێنیان تێدایە کە هەموو کەسێك ناتوانێت بە ئاسانی دەستیان پێ بگات . وەکو ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندیان بە کاروباری سیاسی ، ئەمنی ، بەرگری و سەربازی هەیە کە تەنها هەندێ کەسی تایبەتی بۆیان هەیە بیان بینن ، کە واتا توێژەران نابێت ئومێدیان هەبێت کە بتوانن ئەم بەڵگەنامانە ببینن . تەنها لە حاڵەتێك دەتوانن ئەم بەڵگە نامانە ببینن کە تەمەنی یاساییان کۆتایی هاتبێت چونکە ئەم بەڵگە نامانە لە هەر وڵاتێك تەمەنێکی یاساییان هەیە کە پاش تێپەڕبوونی ئەو تەمەنە دەخرێنە بەر دەستی هەمووان .

٥- ئەنتەرنێت : لە ڕێگەی ئەنتەرنێت دەکرێت لە سەر هەموو بابەتەکان زانیاری کۆ بکرێتەوە و توێژەرلەم ڕێگەیە ڕووبەڕووی قەبارەیەکی یەکجار زۆر لە سەرچاوە و زانیاری دەبێتەوە . توێژەر دەبێت ئاگادار بێت کە بۆ توێژینەوەی زانستی ناتوانێت پشت بە زانیارییەکانی ویکی پیدیا ببەستێت لە بەر ئەوەی هەموو کەسێك دەتوانێت هەموو جۆرە زانیاریەکی پێ زیاد بکات کە لە وانەیە زانیارییەکان لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێنەکراو وەرگیرابێت.

٦- بڵاوکراوە فەرمییە حکومییەکان : حکومەتەکان و زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان گۆڤار ، وەرزنامە و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە کە دوایین هەواڵ و پێشهات و گۆڕانکاری و بڕیار و ڕاپۆرت لە خۆ دەگرێت کە ئەمانە بە شێوەیەکی فەرمی لە لایەن ئەوان و بە لۆگۆی ئەوان بڵاودەکرێنەوە . هەروەها ڕۆژنامە فەرمییەکان ، وتار ، ڕاگەیێنراو و ئەو بەیاننامانەی کە لە لایەن

بەرپرسانی سەرەوە دەدرێن بە بڵاوکراوە فەرمییە حکومییەکان ئەژمار دەکرێن . ئەم بەڵگە نامانە هەموویان گرنگن لە بەر ئەوەی ئاماژە بە بیروبۆچونی لایەنە فەرمییەکانی حکومەت دەکەن .

٧- بەڵگەنامە تایبەتییەکان : جگە لە رێکخراوە حکومییەکان ژمارەیەکی زۆر دام و دەزگای تایبەتی هەیە کە بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندییان بە ئیش و کارەکانیان هەیە ئەرشیف دەکەن . سەنتەرەکانی توێژینەوە ، بانك ، کۆمپانیاکان لە هەموو بوارەکان ، دەزگاکانی راگەیاندن ، گروپە ئاینی و سیاسییەکان و ... هتد بەشێکن لە ئەو دامودەزگا تایبەتییانە کە ئەرشیفی تایبەت بە خۆیان هەیە . بۆ بەکارهێنانی ئەم بڵاوکراوە و بەڵگەنامانە دەبێت مۆڵەت لە بەرپرسانی ئەم لایەنانە وەربگیرێت .

بێجگە لەمانەی سەرەوە هەندێك کەسیش هەیە کە حەزیان بە کۆکردنەوەی کتێب ، بەڵگەنامە و ... هتد دەکەن کە لە پەرتووکخانەی تایبەتی خۆیان دایان دەنێن یان ئەرشیڤیان دەکەن کە ئەمانەیش بەشێکن لە بەڵگەنامە تایبەتییەکان . توێژەر یان هەر کەسێکی دیکە کە دەیەوێت سود لەم سەرچاوانە وەربگرێت دەبێت رەزامەندی خاوەنەکەی وەربگرێت یان پابەندی ئەو رێنماییانە بێت کە خاوەنی ئەم پەرتووکخانانە دایدەنێن .

٨- دەزگاکانی راگەیاندن : ئەمانە بابەتی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرن وەکو هەواڵ ، لێدوان و وتار و ... هتد . ئەو بابەتانەی کە لە راگەیاندنەکان بڵاو دەبێتەوە هەموو کات نرخێکی زانستیان نییە و بەراورد بە سەرچاوە زانستییەکان و بەڵگەنامەکان نرخێکی زانستی کەمتریان هەیە . بەڵام توێژەر دەتوانێت سود وەربگرێت لەو هەواڵانەی کە پەیوەندیان بە رووداوێك هەیە و بە شێوەیەکی رێك و پێك و بێ کەموکورتی باس لە رووداوەکان دەکەن یان ئەو وتارانەی بە شێوەی زانستی ئامادە کراون.

٩- ئامار : زۆربەی ئامارەکان لە لایەن حکومەت ، ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان و توێژەران ئامادە دەکرێن . ئامارەکان پاش کۆکردنەوە و ڕێك و پێك کردنیان چاپ و بڵاو دەکرێنەوە و پاشان قوتابیان و توێژەران دەتوانن لە توێژینەوە سیاسی ، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان بەکاریان بێنن .